


ڕێژەن بایز

یاریزانی کیک بۆکسینگی یانەی شەقڵاوە:

# بەرپرسانی وەرزشی گرنگی بە ژێرخانی وەرزشی نادەن



**یاریی کیك بۆکسێنگ یەکێکە لەو یارییە تاکانەی کە یاریزانە کچ و کوڕە کوردەکان تێیدا چەندین ئەنجامی بەرچاویان لەسەر ئاستی جیهان بە ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستانەوە بەدەستهێناوە، یانەی شەقڵاوەش یەکێکە لەو تیپانەی کە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام گرنگی بە توانای یاریزانان دەدات، یەکێك لەو یاریزانانەش خاتوو ڕێژەن بایزی یاریزانی یانەی شەقڵاوەیە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی قەزای ڕانیەیە و خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و دەرەوەی هەرێمیش، ئەم کچە کوردە بۆ داهاتوو چاوی لە بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی کیك بۆکسینگ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئەم وەرزشە ساڵ بە ساڵ لە گەشەکردندایە و چالاکیی تیپەکان زیاد دەبن و ڕێژەی ئافرەتیش لەم وەرزشە زیاد دەبێت.

*** بۆچی یانەکانی کوردستان گرنگیی تەواو بەم یارییە نادەن؟**

- یانەکانی کوردستان هەمیشە بیر لە داهات دەکەنەوە، بیر لەو یارییانە دەکەنەوە کە داهاتی هەبێت، ئەم وەرزشەش داهاتی بەم شێوەیە نییە، ئەم هۆکارانە وای کردووە کە گرنگیی ئەوتۆی پێ نەدەن، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی داهات گرنگی بە وەرزشی بە کۆمەڵ دەدەن، بەتایبەتی تۆپی پێ.

*** پشتگوێخستنی ئەم یارییە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بەرپرسانی وەرزشی هەرکەسێك بەهۆی هۆکارێکەوە ئەم پۆستەیان وەرگرتووە و زۆر گرنگی بە ژێرخانی وەرزشی نادەن، بۆ ئەوەی گەنجەکانمان ڕوو لە وەرزش بکەن، دەتوانم بیگەڕێنمەوە بۆ هۆکاری نەزانین، یان ئاستی ڕۆشنبیریی وەرزشییان.

*** بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان دەبێ چی بکرێت؟**

- ئەم وەرزشە پێویستە گرنگیی تەواوی پێ بدرێت، هۆڵی زیاتری بۆ بکرێتەوە و لە قوتابخانەکانیش گرنگیی پێ بدرێت و نەوەیەکی وەرزشکار و کارا و بەتوانا بۆ داهاتوو دروست بکەین، ئەگەر نەوەیەکی باشمان پەروەردە کرد، لەنێو گەنجەکانیشدا گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکاندا ڕوو دەدات.

*** وەکو یاریزان کێشەو گرفتتان چییە؟**

- بەگشتی پێشتر لەلایەن حکومەت و سپۆنسەرەوە پشتگیری دەکراین، بەڵام ئێستا لە نێوان هەردووکیاندا ماوینەتەوە، ئێستا کێشەمان نەبوونی پشتگیرییە، چونکە هیچکامیان هاوکاریمان ناکەن و ئەوەش تەنیا یاریزان زەرەرمەند دەبێ.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

- لەبەر ئەوەی چالاکییە ناوخۆییەکان کەمە و تیپی کچانیش کەمە، لە یارییە ناوخۆییەکان بە ڕێژەیەکی کەم بەشداربووم، بەڵام بەشداریی پاڵەوانێتیی جیهانم کردووە و بەشداریکردنم ئەنجامێکی باشە وخەونی من بووە.

*** بۆ دوارۆژی خۆت بەنیازی چیت؟**

- ئێمە خۆمان یانەمان هەیە بە شێوازی تاك، ئەوە نییە کە یانەیەك پەیوەندیمان پێوە بکات، کە چووینە پیشەگەرییەوە خۆیان پەیوەندیمان پێوە دەکەن.

*** هیچ یانەیەك داوایان لێ کردووی یارییان بۆ بکەیت؟**

- پێم خۆشە جارێ وەکو یاریزانێك کار بکەم، لەبەرئەوەی ڕاهێنەری ئافرەت کەمە، وەکو ڕاهێنەریش لە هۆڵی ئەلفاگێم کار دەکەم، لە هەمان کاتیشدا یاریزانم.

*** کێ بەردەوام پشتگیریت دەکات؟**

- خێزانەکەم بە پلەی یەکەم، دواتر مامۆستاکەم و ڕاهێنەرەکەم کە هەموو کات هانیان داوم بۆ وەرزش، ڕاهێنەرەکەم یەکێکە لە باشترین ڕاهێنەرانی سەر ئاستی کوردستانە و زۆر کەس ئەنجامی باشیان لە سەردەستی ئەو بەدەستهێناوە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- پێمان خۆشە حکومەت بەشێکی تایبەت بۆ برەودان بە وەرزش دروست بکاتەوە، جیاواز لە لیژنەکانی وەرزشی بۆ گەشەسەندنی وەرزش و ژێرخانی وەرزشی، تا سەر لەنوێ دروست ببێتەوە، بۆ ئەوەی گەنجان زیاتر بێنە پێشەوە، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانیش بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بە وەرزشکارانی دەکات.



# ئینتەر میلان چاوی لە یاریزانێکی سوپەرە

**بەگوێرەی سەرچاوەکانی راگەیاندنی ئیسپانیا و ئیتاڵیا، ئینتەر میلان لەسەر راسپاردەی راهێنەری یانەکە بۆ گواستنەوەی لوکا مۆدریچ لەگەڵ یانەی ریال مەدرید لەسەر هێڵە.**

ماڵپەری سپۆرتی ئیسپانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئانتۆنیۆ کۆنتی لە پێناو لوکا مۆدریچ یاریزانی هێڵی ناوەراستی کرواتی واز لە ریال مەدرید ناهێنێت. سەرچاوەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو کۆنتی لە گواستنەوەی زستانەدا بەڕێوەبەری وەرزشی یانەکەی بۆ گواستنەوەی مۆدریچ جوڵاندووە.

لە لایەکی دیکەیشەوە، رۆژنامەی لاگازێتا دێللۆ سپۆرتی ئیتاڵیا لە راپۆرتە هەواڵێکدا باسی لەوە کردووە، کە مۆدریچ ئامانجی سەرەکی کۆنتییە، بەڵام ریال مەدرید ئامادە نییە لە ئێستادا دەستبەرداری ئەو یاریزانە بێت، و ئامادەیی دەربڕیوە لە هاوینی داهاتوو دەستبەرداری دەبین پێش ئەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ریال مەدرید لە هاوینی ٢٠٢١ کۆتایی پێبێت.

لوکا مۆدریچی تەمەن ٣٤ ساڵ، لە هاوینی ٢٠١٢ لە یانەی تۆتنهام بە بەهای ٣٥ ملیۆن پاوەند روویکردە ریال مەدرید، لەگەڵ ئەو یانەیە ٤ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەورووپا و خەڵاتی باشترینی جیهانی بەدەستهێنا، لە کۆی ٣٢٤ یاری، ٢٢ گۆڵ و ٥٢ ئاسیستی بۆ ریال مەدرید کردووە.

# ئەستێرییەکی مانچستەر یۆنایتد تووشی پێکانێکی قورس هات

ئۆلی گونار سۆلشایەر، راهێنەری یانەی مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی، هەواڵێکی ناخۆشی بە جەماوەری یانەکەی راگەیاند، کە تایبەت بوو بە مارکۆس راشفۆردی هێرشبەری یانەکەیان.

سۆلشایەر لەو بارەیەوە گوتی: بەداخەوە، کە راشفۆرد ماوەیەکی زۆر دووردەکەوێتەوە.

لە یاری مانچستەر یۆنایتد و وۆلڤەرهامپتۆن لە جامی یەکێتی ئینگلتەرا، راشفۆرد تووشی پێکان بوو.

هەندێ لە راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن، کە راشفۆرد ماوەی ٢ تا ٣ مانگ ناتوانێت یاری بکات، بەڵام سۆلشایەر گوتی:راشفۆرد تووشی پێکانێکی مەترسیدرا بووە، شکانێك لە پشتی هەیە، بەرامبەر وۆلڤەرهامپتۆن تووشی ئەو پێکانە بووە.

راهێنەری مانچستەر یۆنایتد رەتیکردەوە ئەو پێکانەی ئەمجارەی راشفۆرد کۆن بێت و گوتی:پێکانەکەی کۆن نییە، یەکەمجارە تووشی ئەو پێکانە بێت.

سەبارەت بە ماوەی دوورکەوتنەوەیشی، سۆلشایەر گوتی: من پزیشك نیم تاوەکو بزانم چەند دووردەکەوێتەوە، بەڵام بێگومان ماوەیەك دووردەکەوێتەوە، کە لەوانەیە ٦ هەفتەی پێویست بێت بۆ چارەسەربوون.

سۆلشایەر، لە کۆتاییدا گوتیشی:ئێمە زۆر پێویستیمان بە هێرشبەری نوێ نییە، بەڵام ئەگەر هێرشبەرێکی گونجاو هەبێت لەوانەیە گرێبەستی لەگەڵ بکەین.

# بەرشلۆنە شەڕی بەدەستهێنانی هێرشبەرێک دەکات

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا، ئاماژە بۆ بژاردەیەکی دیکەی بەردەم یانەی بەرشلۆنە دەکەن بۆ جێگرتنەوەی لویز سوارێز، کە تووشی پێکانبووە.

سوارێز بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەوە بۆ ماوەی ٤ مانگ لە یاریگەکان دووردەکەوێتەوە، ئەمەش کێشەی بۆ بەرشلۆنە دروستکردووە لە هێلی پێشەوەدا و یانەکە بەدوای هێرشبەرێکی دیکەدا دەگەڕێت بۆ جێگرتنەوە.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی دەڵێت، تیمۆ ڤێرنەر، ئەستێرە و هێرشبەری یانەی لایپزیگی ئەڵمانی یەکێک لە ئامانجەکانی یانەکەیە بۆ جێگرتنەوەی سوارێز، لە گواستنەوەی ئەم زستانەدا.

سەرچاوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دەستەی کارگێڕی کەتەلۆنییەکان ئامادەیە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ یەکلاییکردنەوەی گرێبەستەکە بداتە لایپزیگ.

بۆ گواستنەوەی ڤێرنەر، بەرشلۆنە رکابەری یانەکانی ریال مەدرید و لیڤەرپوول دەکات، لەکاتێکدا ئەوانیش چاویان لە گواستنەوەی ئەو هێرشبەرە ئاستبەرزەیە.

تیمۆ ڤێرنەر لەم وەرزەدا لەسەرجەم پاڵەوانێتییەکاندا ٢٦ یاری ئەنجامداوە، ٢٥ گۆڵی تۆمارکردووە و ١٠ ئاسیستی هەیە، لە خولی ئەڵمانیاش بە ٢٠ گۆڵ هاوشانی لیڤاندۆڤسکی لە پێشەنگی گۆڵکارانی خولەکەیە.

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا ئاماژەیان بۆ ناوی، سێرجیۆ ئەگوێرۆ، پییێر ئوبامیانگ و پێدرۆ رۆدریگێزی کردووە، بۆ ئەوەی بەرشلۆنە بە یەکێکیان جێگەی سوارێز پڕبکاتەوە.



